

دژایەتی پێغەمبەر (ﷺ)
لەبەرچی؟
الله
رسول
محمد
مەلا ئەحمەدی قامیشی
٢٠٠٧

# دژایـــەتی پێغەمبەر α لەبەرچی ؟

نوسـینی:

**مەلا ئەحمەدی قامیشـی**

چاپی یەکەم

1428ك 2007ز

ع

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا﴾


★ناوی نامیلکە : دژایەتی پێغەمبەرα لەبەر چی ؟

★ نوســـەر : مـــەلا ئەحمەدی قامیشــی

★ تایپ : (شـــۆخان وڕێزان) قامیشــی

★ ساڵی چاپ: ( 2007)ز

★ نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

★ تیراژ : (1000) دانە

★چاپخانە: شارستان

★ژمارەی سپاردن : (176)ی ساڵی (2007)ی پێدراوە .

π

الحمد لله و الصلاة والسلام على رسول الله ...

**مـرۆڤ ئـازاده تـا ئـەو سـنورەی کـەئازادی کەسـانی تـر پێشـێل نـەکات ودەبـێ ڕێـزی بەرامبـەری بگرێت،بـەلاّم کەلەچوارچـێوەی زانسـتی وبابـەتی بـوون دەرچووگەیشـتە ئاسـتی سـوکایەتی وناوزڕانـدن وبرینـدار کردنـی هەسـت وسۆزی ملیێۆنـەهامرۆڤ ، ئەوالـە پیشـەی نوسـین وئـازادی ڕادەربـڕین دەردەچـێ بۆئـاژاوە گێـڕی وبلاّوکردنـەوەی ڕق وکینـە، چـون ئـازادی وبـەرەلاّیی دووشـتی لێـك جیـاوازن وئاسمـــان وڕێســـمانیان بەینـــە ،وەك چـــۆن ئـــازادی ئەوەناگەیـەنێ کەشـۆفێرەکان بـەئارەزوی خۆیـان بـڕۆن بـێ ئـەوەی پابەنـدی یاسـای هاتوچـۆ بـن، بەهـەمان شـێوەیش نوسـەران نـابێ لەیاساوڕێسـای تایبـەت بـەم بـوارەوە لابـدەن بەئارەزوی خۆیان نوسین بلاّوبکەنەوە بێ بەڵگەو دورلەیاسا لەم چەندساڵەی دوایـی دا لـە ژێـر پـەردەی ئـازادی بیروڕادا دژایــەتی کردنــی پێغەمبــەری ئیســلام (د.خ)بەشــێوەیەکی دیـــارو بەرچـــاوپەرەی ســـەند بەتایبـــەتی هێـــرش کردنەســـــــەرخودی کەســـــــێتی پێغەمبـــــــەر(د.خ)**

لەئەمریکاوئـــەوروپا، وەلای خۆشمـــان ســـاڵی ڕابـــردوش شـــاگردەکانیان لاســـاییان کردنـــەوە ! دیـــارە هەڵوێســـتی ڕۆژئـــــاوا لەدژایـــــەتی وســـــوکایەتی پێکـــــردن نەگۆرە،هەرچەندە شێوازی گوتـارو دەربڕنیـان لەوڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی ترجیـاوازە ،بۆیـە بەپێویسـتم زانـی بـەکورتی تیشـــك بخەمەســـەر هۆکـــارو بنچـــینەی بۆچـــونی ئـــەم هەڵوێسـتەی ڕۆژئـاوا ،چـونکە هـەموو قسەونوسـین وگاڵتـە پێکـــردن وهەڵوێســـتێك ڕەنگدانـــەوەی نـــاخ و فیکـــری خاوەنەکەیـــەتی (گـــۆزە چـــی تێـــدابێ ئـــەوەی لێ دەڕژێ)،وە چـــۆن وەلأمێکـــی گونجاویـــان بدرێتەوەلەگـــەڵ ڕەوشـــت و ژیربیژیدا بگـونجێ بـۆ پاراسـتنی پیرۆزیـەکانی ئیســـلام،بۆ زیـاتر بەرچاوڕونی وناسـینی دوژمنـانی دیـن وپێشـەواکەی ،ئـــەوەی بوبـــە هـــەوێنی نوســـینی ئـــەم بابەتـــەم جگەلـــە ڕوداوەکـــــــانی ڕۆژگـــــــار کتێبێکـــــــی (باســـــــم خـەفاجی)ببـەناوی(لماذایکرهونـه!؟) خـوای باڵادەسـت لێمـان وەربگرێت ولە خزمەت پێغەمبەرویارانی دا کۆمان بکاتەوە.

مەلائەحمەدی قامیشـی
سلێمانی / مزگەوتی شەفیق بەگ

## بەشــی یەکەم

### پێغـەمبەر( $\alpha$ )لـەفیکری ڕۆژئـاوایی یەکاندا :

لـەم چـەند ساڵەی ڕابـردودا جیهانی ئیســلامی هێرشـی فیکـری وڕاگەیانـدنی زۆری کرایــە ســەرلەلایەن ئــەمریکاو ئەوروپای (ماف پەروەرەوە) ئەمە شتێکی چاوەڕوان کراوە ، بەڵام ئەوەی نەگونجاو نەخوازراو بوو هێرش کردنـە سـەر کەسـێتی خـودی پێغـە مبـەری ئیسـلام (ص) ،وە دوبـارە بوونـــەوەی لێـــرەو لـــەوێ بەشـــێوەی جیـــاواز ....، ئـــەم هەڵوێستانەش لە ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچونیانە ،شاراوەنی یــەلای موســوڵمانان کەلایــەنی فیکــری ئــەوان لــە هەمبــەر پێغەمبــەری خــوادا بــەردەوام هەڵوێســتی دژایــەتی بــووەو هــەرجارەی بەشــێوازێك دەریــان بڕیــوە . ئەوانــەیش کــە هێرشی نا ڕەواو نابەجێ دەکەنـە سـەر پێشـەواکەمان لەبەر ئەوەنی یەکەنایناسن بەڵکو چاك دەیناسن وەك چۆن منداڵـە کـــانی خۆیـــان دەناســـن . چـــۆن خـــوای گـــەورە فەرموویەتی: ﴿الذين آتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون أبناهم وان فريقا منهم ليكتمون الحق وهم يعلمون﴾ڕاستی و د روستی ئەو موحەمـەدە (د.خ) دەزانـن ، چـون لـە کتێبـەکانی ئـەوانیش

باس كراوه بەلاًم حەق و ڕاستی یەكان پەردەپۆش دەكەن بۆچەواشەكردن و ڕەگەز پەرستی و پاشان با زرگانی، ئەینا ناچێتە عەقڵەوە كەكەسێكی وەك پاپا(بندێكت)ی شانزە كەلەمانگی نوێی 2006هێرشی ناڕەوای كردە سەر پێغەمبەری ئیسلام ئاگاداری (ئینجیل) نەبێت وهیچی نەخوێندبێتەوە لەسەر پێغەمبەر (ص) و هیچ پاساوێكی نەزانین وهەڵەیشی لێ وەرناگیرێت ، هێرشی لەم جۆرە و وێنەكانیشی دەرهاویشتەی فیكرەیەكی ژەهراوی ڕۆژئاوایە ،لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی مافی مرۆڤ ولێك نزیك بونەوەی بیروباوەڕكان دەكەن ..! دیارە ئەوەی لەناو دڵیان دا شاراوەیە زۆر خراپترە لەوەی كەدەری دەبڕن .

**ئایا تەنها ڕقیان لە پێغەمبەرە( $\alpha$ ) ؟**

دژایەتی كرانی پێغەمبەر (د.خ) واتە: دژایەتی كردنی ئەو ڕێبازو بەرنامەی كە هێناویەتی ئەمەش لە هەڵوێستەكانیانەوە دەردەكەوێت كە ڕەگەز پەرستی وبوغزاندنو ڕق لێبونەوە سیمای زۆرێك لە سیاسی و ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینیانە ،بەڵگەی ئەوەشمان زۆرە لە كردەوەكانی خۆیان، بۆ نمونە وەك مشتێ لەخەرمانێ:

جگـه لـه سیاسـەتی درۆو دوفـاقی کاربەدەسـتەکانیان ، ڕق وکینـــەی زاناکانیشـــیان بەرامبـــەر موســـوڵمانان گەیشـــتە ئاستێك کە قە شـەیەکی ئـەڵمانی بـەناوی (ڕۆناڵد)لـەداخی بڵاوبونـەوەی ئیسـلام وبـێ دەسـەڵاتی کەنیسـە لـە بـەردەم کەنیســەکەی دا خــۆی ســوتاند!! وەهـــەروەها نوســـەری ئــەمریکی(جــۆرج بــۆش)بــاپیری بۆشــی ســەرۆك کۆمــار لەکتێبەکــەی دا بــەناوی (محمــد موســس امبراطوريــة المســلمين) کـــەدیارترین نیشـــانەی ڕق لێبونیانـــە بۆخـــەڵکانی تـــر دەڵێ:عەرەبەکان مرۆڤی چۆڵەوانی ونـامۆن بـە ژیـان جـێ ی خۆیـەتی وەك هیندیـە سـورەکان لـەناو بـبرێن..!وەهـەروەها نوســیویەتی پــەروەردگار بەوەشــکۆداردەبێ کەدەســەڵاتی موســـڵمانان لـــەناوببرێت (ســـارزن ) جولەکـــەکانیش بگەڕێنـــەوە ولاتـــی باپیرانیـــان !وەهـــەروەها دەڵـــێ ئـــەو ئیسـلامەی کـە محەمـەد هێناویـەتی بەڵایەکـە بـۆ سـزا دانـی کەنیسـە هـاتوە بـەهۆی دووبـەرەکی ونـاکۆکی پاپاکانیـان لەســـەدەی چـــوارەمی زاینـــی دا !، زۆر شـــەکری تریشـــی شـکاندوە...( حـق التضـحية)د. منير العكش قـال تعـالى ﴿ :يريـدون ليطفوا نور الله بافواههم والله متم نوره ولو كره الكافرون﴾ (الصف/18)

ئەوانـە دەيانـەوێ بـەفوی دەميـان چـرای ڕونـاكی ئيسـلام بكوژێننـەوە (خـەياڵيان خـاوە) بـەلاّم خـوای گـەورەنورو ڕونـاكی خـۆی تـەواودەكات هـەر چـەندە بـێ بڕوايـانيش پێيان ناخۆش بێت

**كـەم حا ڵی بوونو تێنەگەيشتن** :.

پێشـينانی خۆيـان و تويانـە : (تێكەيشـتن خۆشـترە لـە پلأوخـواردن) يـان (گەربەخشـەی نـەتزانی بەمشـەی بزانـە بـەرازە) مەبەسـت لێرەداناسـينی دوژمنـە، لادان وخۆگێـل كـردن لەڕاسـتيەكان تاوانـە ،هەنـدێك كـەس گلـەيی ئـەوە دەكەن دەڵێن : ئەگەر موسوڵمانان لەگەڵ ڕۆژئاوادا زياتر نـەرم و نيـان بونايـە باشـتر بـوو (جالـەوە نـەرمتر ؟!) چـونكە هۆكـاری هێـرش كردنـە سـەر پێغەمبـەری خـوا پاسـاوی ئەوەيە كەپێی دەڵێن( ئيرهاب) بەلاّم لەوەلاّمـدا دەڵـێين، ئەی ئەوەنيە چەندين ساڵەموسوڵمانان لايەنی گفتو گۆوئاشتيان گرتۆتـە بـەر بـەلاّم ئـەوان لـە سـەدەكانی ڕابـردووە وەتائێستاش هەرجارە لەژێر دروشم وپاساوێكدا هێرشيان كردۆتـە سـەر موسـڵمانان ، مەگـەر كـەمێكيان نـەبێ لـە دينـدارو ڕۆشـنبيرانيان ، ديـارە هەڵوێسـتی گشـتی و

سەرەکی وەردەگیرێ.هەندێکیش دەڵێن : ئەم هەڵوێستانە حاڵەت و مەبەستی تاکەکەسی و تایبەتین لەژێر پەردەی ئازادی دا کینەی ناو دڵی دەردەبڕێ لەگەڵ مەبەستی پارەو پوڵ وناوبانگ لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی بەویژدانیان تێدایە کەحەقیقەتی پێغەمبەریان دەرخستوە ، بەڵام ناکرێ بەشتەکەمەکە زۆرەکە لەبیر بکرێ و (قاعیدە بەشاز هەڵ ناوەشێتەوە) نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە ڕۆژئاواییەکان بە پێ ی ئاید یایەکی نەخشە بۆ کێشراوی خۆیان هەنگاو دەنێن کە پێچەوانەی پەیامی محمدە (د.خ) لەبەر ئەوە بەردەوام فیکر و ئاید یایی غەربی دژو پێچەوانەی بیرو باوەڕی ئیسلام بووە ، هاوکات نابێت ئەم دوو شتەمان لێ تێکەڵ بن:

**یەکەم :** عیلاقە وپەیوەندی نێوان میللەتان کەئارەزویان لە ئاشتیو پێکەوە ژیانە ، وەعیلاقاتی سیاسیش بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانە .

**دووەم :** بیروباوەڕی ڕۆژئاوا بەرانبەر پێغەمبەر (د.خ) گۆڕانی کەمی بەسەردا هاتوە هەر لەسەرەتاوە تائێستا خۆی لەدژایەتی کردندا بینیوەتەوە ، بۆیە بەردەوامن لە

دژایـەتی ئیسـلام وپێغەمبەرەکـەی لەگـەڵ بـەکا رهێنـانی سـەرجەم هۆکارەکانیـان ، ئـەو دروشمانـەی ئیسـلامیش کـە لای خۆیان ڕێگەیان پێداوە ئیسلامێکی ئەمریکی سنوردارە تـا ئەوکاتـەی زیـان بـە پـەزەکانیان نـەگات ئـەینا بـەناوی تـــــیرۆرەوە حەواڵـــــــەی زینـــــــدانی دەکــــــــەن .

**دوژمنێکی زۆردار:**

نزیکە لەڕوی فیکریـەوە خۆرئاوا یـەك هەڵوێسـت بنوێنن لەئاسـت پێغەمبـەری ئیسـلام(د.خ) کـە هەڵوێسـتی سـلبی ودژایەتی یە ! هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو ئەو ڕاستی یە دەردەخات، کەنیسەکانی ئەوروپاو ئەمریکا و لەگەڵ ڕوتـی عەلمانیـدا بـەردەوام لـە سـەنگەری دژایـەتی ئیسـلام و پێغەمبەرەکـەی دا بـون ، هـەمووومان هەڵوێسـتی پاپـای کەنیسـەی کاسـۆلیکیمان بـینی کەچـۆن دوبـارە هێرشـی نـاڕەوای کـردەوە سـەر پێغەمبـەر (د.خ) ، بێگومـان ئەمـە لەگـەڵ سـەرجەم پێغەمبـەرانی خـوادا لـەکاتی ژیـان ودوای مردنیشیان وەك خوا گـەورە فەرمویـەتی: ﴿ وكذلك جعلنا لكل نبي عدوا من المجرمين وكفى بربك هاديا ونصيرا ﴾ (الفرقان /31 ) واتە هەر بەو شێوەیەی ( کەدژایەتی تۆ دەکرێت ئەی $\lambda$) بۆ

هەر پێغەمبەرێك دوژمنێكمان لە تاوانباران فەراهەم هێناوە ( ئەمـەش سـوننەت و یاسـای خوایـە ) وە دڵنیابـە كـە پـەروەردگارت بەسـە بۆ رێنمونی و پشتیوانی . بەتایبەت دینـی ئیسـلام كـە پـەیامی كۆتـایی یـەو بۆیـە بـەردەوام دژایـەتی پێغەمبـەرو ئاینەكـەی دەكـرێ . جـا ئەگـەر دوژمنێكی ئاشكراو دیار هەبێت بۆ ئیسلام و پێشەواكەی لەرۆژئاوا زیاتر دەبێ كێ بێ ؟ لێرەدا مەبەستم خەڵكەكەی نیە بەڵك و مەبەست ئەوانـەن كـەبڕیار بەدەست و پیاوانی ئاینی توند ڕەوو زۆرێك لە مید یاكانی ڕاگەیاندنیانە ، گەر سەیری مێژووی ڕابرد وو بكەین دەگەینە ئەو ڕاستی یەی كـەتیرۆروو تۆقانـد ن لـە كـوفروو بێبڕواییـەوە سەرچاوەی گرتـووە بەپێچـەوانەی ئـەوەی ئێستا دەوتـرێ كە بـەهێزی ڕاگەیانـدن ودەسـەلاّت دوای ڕوداوەكـانی( 11 ) ی سبتمبر سـەپاند یـان بەسـەر ئیسـلام وموسـڵمانانـدا ، مەگـەر كـۆچ كردنـی پێغەمبـەر( د.خ ) لەمەكـەوە بـۆ مەدینەبـەهۆی ئازاردان و تیرۆرو تۆقاندنی بێباوەڕان نەبوو ؟ ئەگەر ناچار نەكرایە زێدی خۆی جێ نەدەهێشت . دواتر ئەگەر سـەدەی (16) بە نموونە وەربگرین لە ئیسپانیا نەصرانی یە كان لە

سـاڵی (1609) دوای گرتنەدەسـتی دەسـەڵات و دانـانی دادگـای پشـکنینی بیروبـاوەڕ (محـاكم التفتـيش ) ئـەوەی لـە دەسـتیان هـات کردیـان لەکوشـتن وبـڕین وقەدەغـەکردنی یاساکانی ئیسـلام تـا سـەرەنجام( نـۆ) ملیـۆن مسـوڵمانیان شـەهید کـرد ..! تادەگاتـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆی بـەناو (دیموکرسـی ومـافی مـرۆڤ وئـازادی ) ڕۆژئـاوا بـە سیاسـەتی فێڵبازی و هێزی دەسـەڵات و ڕاگەیـاندنی چەواشـە کارانـەی خـۆی چـی نـەما نـەیکات لـە ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت دا لەکوشـتن وداگـیر کـردن لـە ژێـر نـاوی شـەڕی دژە تـیرۆر بەتایبـەت لـە ولاتـانی (فەلەسـتین ولوبنـان وعێـراق وئـەفغان و...) ، لەڕاسـتی دا داینـە مـۆی ئـەم شـەڕانە فیکـری ڕەگـەز پەرستی داگیرکەرانە، وە (جۆرج بۆش ) لەساڵی (2004) لە میانەی وتەیەکی دا ئەوەی درکانـد کـە ئەمـە شـەڕی ئیسـلام وخـاچ پەرسـتی یـە و واتـە شـەڕی بیروبـاوەڕە وتـی ئـەوەی لەگەڵمان نەبێ دژمانە ....! جائەوەی ئێستادەیکەن لە شـەڕو گـەڕ کـردن بـە ولاتـان درێـژە پێـدەدرێ مێـژوی درێـژی خوێناویانـە لـەدژی پێغەمبـەر و شـوێن کەوتوانی،ئەی ئـەوە بەچی لێك ئەدەیتەوە ئێستا زۆربەی کـە نیسـەکانی ئـەوروپا

تابلۆیـەکیان هەڵواسیوە کەوێنـەی (K) یـان تێدا دروست کـردووە بـە بـۆ چـونی ئـەوان لـە ئـاگردا سـزا دەدرێـت لـە کەنیســەی(ســان بیرنیــو)ی شــاری (بۆڵۆنیــا)ی ئیتالیــا تابلۆیەکی تریان تیا داناوە کەوێنـەی پێغەمبـەریان لـە سـەر کێشاوە بەڕوتی و لـە سـەر زەوی کـەوتوەو نـاوی محمد یـان بەگەورەی لە سەر نوسیوە کە لـە ژێـر پێـی فریشتەکاندایەو تیایدا سەرکەوتنی مەسیحەکان نیشان دەدات ...! ئەمەو چــەندین ســوکایەتی تــر ، لــەناو پەرســتگاو شــوێنە پیرۆزەکانیانــدا ئەمــە هەڵوێســتیان بێــت ..؟ ئــەوە لــە کاریکــاتێری ڕۆژنامــەو ڕاگەیانــدنی میــد یاکانیــان هــەر مەپرســە ، ئــەی هــەوڵی دبلۆماســی و بانگەشــەی ڕێــزی بەرامبـەر بـۆ نـەیتوانی هـیچ کـام لـەم هەڵوێسـتانەیان پـێ بگۆڕێ جگە لە تەسلیم بوون نەبێ، گرنگ ئەوەیە شتەکان وەکــو خۆیــان بناســین ، بۆئــەوەی بــە دروشمــە بریقــە دارەکانیـان فریونـەخۆین، وەك خـوای گـەورە لـە ئایەتەکـەدا بـەدوژمنانی خراپکـار نـاوی بـردون لـە کـۆن و تـازە دا هـە ر بەو شێوەن {عدوا من المجرمین }

**ئیســلام و پێغەمبەرەکەی ( σ )لە زەینی ڕۆژئـاوای یەکانـدا :**

**1 )چۆنێیتی نیشاندانی ئیسلام :**

زۆر لەکەسانی بیر یارو پیاوانی ئاینی ڕۆژئـاوا هـەوڵیان داوەکە ئیسـلام و پێشـەواکەی بـە شـێوەیەکی خـراپ و نـامۆ بـەژیان بخەنـە نێـو مێشـکی زۆر بـەی خەڵکـە کەیانـەوە ،بـۆ ئەوەی دوریان بخەنەوە لەوەرگرتنی ئیسلامی ڕاستەقینە و هـەم لـە دەست خۆشیان دەرنەچێ ! بـەلاّم دەبێ جیـاوازی بکـەین لـە نێـوان دیـدگای خەڵکەگشـتی یەکـەو تویـژی ڕۆشـنبیر و قوتابخانـەکان : خەڵکەکـەیان بـە شـەڕی خـاچ پەرسـتەکان چەواشـە دەکـەن , تویـژی ڕۆشـنبیرانیش بەڕوبـەڕو بونـەوەی ئیسـلام ومەسـیحیەت سـەرقاڵ دەکـەن , هەمووهۆکارێکیان بەکار هێناوە بـۆ ئـەوەی بیخەنـە مێشـکی خەڵکـەوە کـە ئیسـلام محمـد دروسـتی کـردووە ,دینێکـی خەیاڵی ودرۆیە ,بەشیرو تیر هـاتووەو دینـی توندوتیـژی یـە بـەلاّم ئـاینی مەسـیح ئاشـتی یـە ئیسـلام کۆنەپەرسـتی یـە ...، هـەمان قـاوەن لای خۆشمـان لێدەدرێتـەوە و بـەناوی

مۆدیل وتازەگەری و پێشکەوتن و بێبەندوباری و بەرەڵڵای دژایەتی ئیسلام دەکرێ، بەلاّم دیارە وێناکردنی ئیسلام بەشێوەیەکی شێوێنراودور لە ڕاستی لە ڕۆژئاواو ئەوروپا دا بەهۆی نەزانینەوە نی یە،بەڵکو بەهۆی زانینی زانستیانەی ڕاستی ودروستی ئیسلامە، بەلاّم ڕق وکینەوڕەگەزپەرستیان لە لایەك ،مەترسی بلاّوبونەوەی ئەم دینەش لە ولاّتەکەیان وای لێ کردون کە (شەمشەمەکوێرەئاسا ) چاویان بەڕوناکی هەڵنەیەت ئیسلام بەخراپی نیشان بدەن , بەلاّم لەگەڵ ئەوهەموو کۆسپ و لەمپەرانەدا ئێستاکەم و زۆر دینی خوای گەورە هەمووشوێنێکی ئەم جیهانەی گرتۆتەوە کە ئەوەش وەعدی خوای گەورەیە.

**چۆنێتی وێناکردنی پێغەمبەر** ( $\delta$ ) :

بەدرێژایی مێژوو هەوڵیانداوەکەسایەتی ڕاستەقینەی پێغەمبەر (د.خ) بشێوێنن لە بەرچاوی ڕای گشتی لەو پێناوەدا سەرجەم میکانیزمەکانیان خستۆتە گەڕ وەك ڕاگەیاندن و ئابوری بەهێزو بەگەڕخستنی نوسەرو هونەری داخ لە دڵ ...، لەو نوسینە خراپانەی کەدژبە کەسێتی

پێغەمبــەر نوســراوە و کاریگــەری خــۆی هــەبوە لــە ســەر دیدگای خەڵکی ئەوروپاو ئەمریکا شاعیری ئیتاڵی (دانتی ) کەلەهەڵمەتـە شـیعریەکەی دا بـەناوی (کۆمیـدیای خـوایی ) بەشــێوەیەکی ســەرنج ڕاکــێش پێغەمبــەرو ئیمــام عــەلی خسـتۆتە نیـو ئاڵقـەی نۆیـەمی دۆزەخـەوە لەبـەر خراپیـان (بەبۆچونی ئەو)، وە هـەروەها (تۆماالاکوینی) دەڵـێ:محمـد تــوانی خــەڵکێکی زۆربخەڵــەتێنێ بەوەعــدی درۆومــژدەی داهاتوو ئارەزوبازی و...، ئەمەو جگـە لـەو کاریکـاتێرەی کـە ساڵی (2006) لە دانیمارك بلأوکرایەوە تێی دا سوکایەتی بەکەسـێتی پێغەمبــەر کرابــوو بــەلأم ســوپاس بــۆ خــوا لــە جیهـانی ئیسـلامی دا بـە تونـدی وەلأم درایـەوە ،دیـارە لای خۆشمان بێ بڕوایەکی وەك مەریوان توانی جورئـەت بکـات و لــە دژی کەســێتی پێغەمبــەر (د.خ) بنوســی کــەدیارە ئەویش دەستێکی ڕەشـی ئـەوانی لەپشـت بـوو ، ئـەوەی کـە وای کردوە ئـەم دژایەتییـە وەربگـرێ لای خـەڵکانی ڕۆژ ئـاوا کەڵەکەبون و دوبارە بونەوەی ئەم دژایەتییـە و سوکایەتی یە بۆماوەیەکی دورو درێژ ،وەلاوازی ڕاگەیاندنی ئیسلامی.

**کێن ئەوانەی هێرش دەکەنە سەر پێغەمبەر ( $\delta$ ) :؟**

ئەوانــەی کەهێرشــی نــاڕەوا دەکەنــە ســەر کەســێتی پێغەمبەری ئیسلام لە خۆرئاوا بەپیلانێکی نەخشە کێشراو چوار بەشن :

1) هەندێك لەسەرانی کەنیسەی ئەوروپی و ئەمریکی

2) ســەرانی سیاســی لــە زۆربــەی ولأتــانی ئــەوروپای غەربی و ئەمریکای باکور .

3) هۆیەکانی ڕاگەیاندن .

4) بیرمەندانی ڕەوتی عەلمانی .

گــەر ســەرنج بــدەین هــەموویان دەچــنە چــوار چــێوەی پیــاوانی چــالاکی فیکــری و سیاســی ڕۆژئــاوایی ،کــە ئەوانــەیش کەسـانی زاڵ و دەسـت ڕۆیشـتون لـە گۆڕەپـانی ڕۆژئاوادا ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە نوسەر و بیر یاری بە ویــژدانیان تێــدا نــەبێت ، بــەڵێ پســپۆڕ و زانــاو دانــای ناوداریان بووە کە دانیـان بەگـەورەی پێغەمبـەری ئیسـلام دا ناوە و هەندێکیشیان موسوڵمان بوون وەك (دکتۆر ملیر ) ی کەنـەدی و دکتـۆر (مـۆریس بۆکـای ) فەڕەنسـی و ڕۆجیـە گـارودی و زانـای مەجـەری ( عەبدولکـەریم جرمـانوس ) کـە

بەهەشت زمان دەنوسێ و زیاتر لە (150)کتێبی نوسیوە! وەهەروەها موسڵمان بونی کەشتیەوانی ئاسمانی ئەمریکی بەناو بانگ (ئارمسترۆنگ ) ساڵی (999) ئەمەو دەیان زاناو دانای تر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و سەرنجدان موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە ، بەلأم نەگەیشتوە تە ئاستێك کاری گەری ببێت لە سەر ڕای گشتی ڕۆژئاوا .

**( لیستی ڕەش ) ئەوانەی دژایەتی خۆیان ئاشکرا کردووە:**

هەندێك لەو کەسایەتیانەی ئەمریکی و ئەوروپی بە نموونە دێنینەوە کە لەم چەند سالأنەی ڕابردوودا دژایەتی خۆیان ئاشکرا کرد و لەڕووی فیکری و ڕگەیاندنەوە هێرشیان کردۆتە سەر کەسێتی پێغەمبەر (د.خ )

**1)جیری فالویل:** ( قسسیسی ئینجیل ) ی لە شاری لینشبرگی ویلایەتی فرجینیای ئەمریکا دادەنیشێ و بەرنامەی ڕادیۆو تلفزیۆنی هەیە کە دەگاتە (10) ملیۆن ماڵ و لە گەڵ سایتەکەیشی لە ئینتەرنێت کە تیایاندا بەردەوام هێرشی نابەجێ و چەواشەکاری دەکاتە سەر K بە کەسێکی ئیرهابی و توندو تیژ ناوی دەبات .

**2)بات ڕوبرتسون :** ئەویش زانایەکی مەسیحی یە خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی یە لە ئەمریکا بەوەناسراوە کەزۆر لایەنگری جولەکەیە ، لەهێرشەکەی دا بۆ سەر پێغەمبەر (د.خ ) دەڵێ: محمد ڕەگەز پەرستەو80./. ی قورئانی لە دەقەکانی گاورو جولەکەکان دزیوە و محمد خوێن ڕێژە چونکە کاتی خۆی لە مەدینە جولەکەکانی کوشتووە.

**3) فرانکلین گراهام :** کوڕی قسیسی ئەمریکی بەناوبانگ (بیلی گراهام ) سەر پەرشتیاری کەنیسەکانی باوکی، هەستا بەساز دانی مەراسیمی دینی لە کاتی دەست بەکار بوون و دانانی ( جۆرج بۆش ) و لە وتەکەی دا ڕای گەیاند کە ئیسلام سەر چاوەی ئیرهابە ! وەلە نوسینەکانیدا زۆر هێرشی کردۆتە سەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی (د.خ )

**4) جیری فاینز :** بەر پرسی کەنیسەیە لە (جا کسون فیل فلۆریدا ) لە کۆبونەوەی ساڵانەی کەنیسەی مەعدانی خوارو ساڵی (2001) لە شاری (سانت لویس)ی ئەمریکا زۆر درۆ و بوختانی بە دەم پێغەمبەرەوە هەڵبەست وبەئارەزو باز تاوانباری دەکات , وەك جیریەکەی لای خۆمان ...

**5)پاپا بیند یکت ی (16)** :  ئەمیش دیار ترین پیاوانی ڤاتیکانە هەر لە سە رەتای دەست بەکار بونیەوە هێرشی کردە سەر کەسێتی پێغەمبەر (د.خ) لە میانەی وتەیەکی دا لە زانکۆی (ڕیجینسبرگ ) لە ئەڵمانیا لە 12ی سێبتمبری 2006 وتی : ئیسلام بە هێزی شمشێر بلاْو بۆ تەوە ، ئەوەی محمد هێناویەتی شتی شەیتانی یە ...!، ئەوەی جێگەی سەرنج تێڕامانە کۆبونەوەکە بۆ گفتوگۆو نزیك کردنەوەی ئاینەکان ساز کرابوو ! وەلە ساڵی (996)لە نوسینێکی دا دەڵێ : (ئیسلام لە گەڵ پێشکەوتنی ئەم سەردەمە ناگونجێ ..! لە گەڵ ئەوەش دا داوای لێبور دنی لە موسڵمانان نەکردو زۆر جاریش دەڵێ : ڕێز لە ئیسلام دەگرم ! هەر وەکو بینیتان چۆن ڕێزی گرت ؟

**6)** لە ولاْتی خۆشمان هاوبیرەکانیان پیلانەکانیان بۆ جێ بەجێ دەکەن و چەندین سەنتەرو ڕێخراو بۆ ئەو مەبەستە لە خزمەت دایە و ئیسلام بەکۆنە پەرستی و محمد یش بە پێغەمبەری عەرەب لە قەڵم دەدەن و بانگەشەی ئاینی زەردەشتی و بیری عەلمانی دەکەن بۆ کوردان و چەندین نامیلکەو کتێبیان بۆ چاپ کراوەوڕاگەیاندنیش هاوکاریانە

ئـەنجام دانـی ئـەو کـارە لـە وڵاتێکـی ئیسـلامیدا بەلایانـەوە گرنگی خۆی هەیە بەتایبەت لە سەر دەستی کەسانێك کە لە بەرگی ئیسلام دان بەڵام بە شیری غەرب پەروەردە کراون .

**هەڵوێســتی سیاسـی:**

لەبـــەردەم ڕاگەیاندنەکانـــدا (جـــۆرج بـــۆش ) ئـــاینی ئیســـلامی بـــە (فاشـــی) نـــاو بـــرد و پێشـــتریش دوای ڕووداوەکانی سبتمبر بە شەڕی خاچ پەرستی ڕاگەیاند دژ بەئیسلام ، ئەمەو زۆر لـە کاربەدەستانی ئیدارەی ئـەمریکی هەنـدێ جـار لـەو جـۆرە هەڵوێسـتانە ڕادەگەیـەنن و لەگـەڵ ئەوەشـدا بـۆ پینـەکردن وچەواشـەکردنی موسـڵمانان دەڵـێن ئیسلام ئاینی ئاشتی یە .(شارلی هانمن ) سکرتێری حزبی پێشـکەوتوخوازی نـەرویجی لـە ڕاگەیاندنەکـەی دا بـۆ سـەر ئیســـلام ووتـــی موســـڵمانان هاوشـــێوەی نازیـــەکانن ، وەهـــەروەها (جـــون اش کروفـــت ) کەپێشـــتر ئەنـــدامانی کۆنگرەیێس بوو دەڵێ: ئیسلام داوات لێدەکات کە کوڕەت لە پێناوی خوادا بینێری بۆ مردن! بەڵام ئاینی مەسیح دینێکە کە خوا کوڕەکەی خۆی نارد لەپێناوی دا مرد! بزانـە چۆن

شتەكان پێچەوانە ئەكەن و ڕاستیەكان دەشێوێن ، لەلایەك باوەڕی بە خوایە و ئامادەنی یە لەپێناویدا قوربانی بدات ، لەلایەكی تریش ڕۆڵەی بۆ بڕیار دەدات و حەزرەتی عیسا بە كوڕی خوا دەزانن ..، ئەوە چەند نمونەیەكی كەم بوو لە هەڵوێستی سیاسیەكانیان دژبە ئیسلام و موسڵمانان كە ئەوەدەسەلمێنیٚ (الكفر ملةواحدة ) ،بەڵام بەداخەوە ئێمە بە كردەوە نەمان سەلماندوە كە(الاسلام امة واحدة) كوردیش دەڵێ: ئەوكەسە كەسە ئەلفێكی بەسە ).

**هەڵوێستی ڕاگەیاندن :**

دیارە گۆزە چی تێدابێ ئەوەی لێ دەڕژێ ، هەڵوێستی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا دژ بە ئیسلام و پێغەمبەرەكەی (د.خ) بەردەوام لایەنی سلبی و سوكایەتی پێكردن بووە ، بەتایبەت دوای ڕوداوەكانی سبتمبر ، ئەوان لە ناڵیش دەدەن و لە بزمار ، لەلایەك بانگەشەی مافی مرۆڤ و گفتو گۆی هێمنانەولێكنزیك بونەوە دەكەن ، لەلاكەی تریش نوسینی دژ بە ئیسلام و بڵاوكردنەوەی وێنەی كاریكاتێری دژ بە پێغەمبەر كەلە هەڵوێستی دووفاقی و دووڕویدا خۆی دەبینێتەوە كە پیشەی بەردەوامی دووڕو دەغەڵەكان بووە و

ڕێـز لـه مليـارو نيوێـك موسـڵمانان نـاگرن ،خـۆ ئەگـەر ئـەو سـوكايەتی يـە بـە دينێكـی تـر بكرايـە ئـەوە دنيايـان لێ پـڕ دەكـرد و كۆڵيـان نەئـەدا ، بەهـەمان شـێوە ڕاگەياندنـەكانی لای خۆشمان بەداخەوە كە لەدين پێخواسن و زۆربەيان كە بـە قورئـان خوێنـدن دەسـت پێدەكـەن ، بـەلاّم دوای ئـەوە دابەزانـدنی بەرنامـەكانيان پێچـەوانە يـە و حيسـاب بـۆ خەڵكەكەی ناكەن كە موسڵمانانە ! ./.90

## *بەشـی سـێ يەم*

**هـەڵوێستەكان ڕەنگدانەوەی بيروبۆچونەكانيانە:**

باكــەمێ لەهەڵوێســت و كــردار و گوفتارەكــان دوور بكەوينــەوەو بـزانين ئـەو هەڵوێسـتانەيان لـە چـی يـەوە سەرچاوەی گرتووە ؟ بێگومان هەڵوێستەكان دەرهاويشتەی فيكـرو بـۆ چـونەكانە ، ئـەو بيروبـاوەڕەی كـە بـە درێـژايی مێـژوو تـاكی خۆرئـاوايی پـێ گـۆش كـراوە وكاريگـەری لـە سـەر هەسـت و نەسـتی دروسـت كـردووە لـە بـواری پەيوەنـديان لـە گـەڵ خـواو بونـەوەرو دەورو بـەردا...، بەشێوەيەكە كە لە گەڵ ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) هێناويەتی

دژوو پێچەوانەیە ، جیاوازییە کەیان لە خوا بەیەك زانین و یەکتا پەرستی یە وە دەست پیّ دەکات تا دەگاتە سەر پێغەمبەران و پاشان شەریعەتەکانیان .

**لەنێوان ( حەزرەتی محمدو حەزرەتی مەسیح ) دا :**

دوای گۆڕین و دەستکاری کرانی ئاینی حەزرەتی عیسی سەلامی خوای لە سەر بیّ بەپێی ئارەزووەکانی خۆیان ، هاوکات لەگەڵی دا بۆ چون و فیکری خۆر ئاواییەکانیش گۆ ڕا بەرانبەر خواو پێغەمبەرەکەیشی ! کاتیّ بیری بەرژەوەندی ماددی زالّ بوو بە سەر تاکی ڕۆژئاوایی دا پەیوەندی یان بە مەسیحەوە لە سەر بنەمای ئارە زووەکانی خۆیان مایەوە و لە باوەڕی ئەواندا حەزرەتی عیسی باجی تاوانی سەرجەم شوێن کەوتوانی داوە بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆیان ڕابوێرن مادام بانگەشەی خۆشەویستی مەسیح دەکەن ! بۆیە دەبینی ئێستا هەربەناو مەسیحین و بەکردەوە شوێن کەوتەی هەواوئارەزووەکانیانن ، ئەوەی مەسیحی نەبیّ دینی نی یە . ( ئەمە دوای تحریف کرانی ئینجیل ) وە بەوشێوەیە ی کە لە کەنیسە وێنەی حەزرەتی عیسایان هەڵواسیوە

کەگۆشەگیرەو بانگەشە دەکات بۆ یەکسانی و ئازادی ، تێك ناگیرێن لە گەڵ ئەوانەشدا کەدینیان وەلاناوە بۆ یە دژایەتی کردنی مەسیحی نایەتە ئاراوە چونکە هاوشێوەی خواستی عەلمانیەکان بەرنامەی دینەکەیان داڕشتووە ..!
بەلأم بیرو باوەڕیان لە ڕاست محمد (د.خ ) ناکۆك و نەگونجاوە ، چونکە ئەو دورە لەوەی کەخوا بیّ یان کوڕی خوا بێت بەڵکو بەندەو پێغەمبەری خودایە ، لە بەر ئەوە بۆچونەکان پێچەوانەن و مەسیح بە پێغەمبەری ئاشتی دادەنێن و محمد یش بەلایەن گری جەنگ دەزانن و دەڵێن بەزەبری شیرو تیر دینەکەی سەر خستووە ....، ئەوەو چەندین بۆچونی لارو خوارو هەڵەیان لا دروست بووە .
نوسەری عەرەب ( هیشام جعیظ) باس لە بیرو بۆ چونی تاکی ئەوروپی دەکات بەرامبەر پێغەمبەرو پەیامەکەی بەلایانەوە وایە : کە مێژوی ئیسلام لە کاردانەوەی مێژوی خۆرئاوادا دروست بووە ! ئەگەر محمد درۆزنە ئەوا عیسا ڕاست گۆیە، ئەگەر محمد ئارە زو بازوو ژنی زۆری بووە ئەوا مەسیح دامێن پاك و بیّ ژن بووە ! ئەگەرمحمد چەکدارو جەنگاوەر

بووه ئەوا یەسوع ئاشتی خوازو چەوساوه بووه ...! (اوروبا والالاسلام / صدام الثقافة / هشام جعیط ص40) .،

**بەرانبەر چاکە خرا پەوله بەرانبەرحەق وڕاستی درۆوناهەقی :**

ئەوەتا یەكێ لە پایەكانی ئیسلام بڕوابونە بەسەرجەم پێغەمبەران ، مسوڵمانان ڕێزی سەرجەم ئاینەكان دەگرن ، بەداخەوه كە بەرانبەرەكانمان پێچەوانەن، قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە ئەوەتا زانایەكی كەنەدی وەك دكتۆر( ملیر) كەشارەزاییەكی زۆری لە تەورات و ئینجیل هەیە مامۆستایە لە وانەی بیركاری ، دەڵێ دوای لێ كۆڵینەوەی زانستی گەیشتمە قەناعەت و موسڵمان بووم ، یەكێك لەو شتانەی كەسەرنجی ڕاكێشام ئەوە بوو كە لە قورئاندا(25 ) جار ناوی عیسی پێغەمبەری هێناوە بەلاّم تەنها (5) جار ناوی محمد (د.خ) هاتووە ، ئەوەتا لە لوتكەی زانست و زانیاریەوە خەڵك بەرەو ئیسلام دێت ،چونكە ئەوان دیراسەی ئیسلامیان كردوە ودەزانن كەیەكەم فەرمانی پەیامەكە خوێندن وفێربونە (اقرا) ووشەی (عیلم)(375)جار لەقورئاندا دوبارە بۆتەوە وخوای زانا سوێندی بەقەڵەم خواردووە ودەزانن كەئیسلام لەسەر بنەمای (ئیمان وعیلم

وعــەقڵ) دامــەزراوە وهەریــەك لەووشــەی (عــەقڵ ونــور )
(49)جار وەك يەك هاتون ..، ئەمەو دەيان وسەدان ئايەت و
فــەرمودەی ترلــەوبارەوە كەبەڵگــەن لەســـەر زانيـــاری
وپێشكەوتنی ئيسلام! نەك كۆنە پەرستی ودواكەوتن!،بەڵام
كەمتــەر خەميەكــە لەخۆمانــە كــەوەكو ئــەوان ناينــاسـين
بەداخەوەكـە تـازە لای خۆمـان بـرەو بـە بـێ دينـی دەدرێ و
ســێ يــەمی ناوەنــدی پــێ نــەبڕاوە و دەڵــێ ئيســلام
كۆنەپەرســتی يــە ! خۆشــی بــە موســڵمان دەزانــێ و لــە
بنەماڵەيەكی موسڵمانيشە !

**بێ توانايی ڕۆژئاوا لەگەشە سەندنی ئيسلام :**

ئــەو ئيســلامەی كــە پێغەمبــەر (د.خ) هێناويــەتی بــۆ
سەرجەم مرۆڤايەتی يەو گشتگيرو هەمەلايەنە ،گەورەيی و
تەواوی ئەم دينە لە هەموو ڕويەكەوە سەلمێنراوە ، بۆيە لە
هــەموو ڕۆژگارێــك دا وە لــە ژێــر هــەر فشــارێكدابێ لــە
پەرەســـەند ن و بڵاوبوونـــەوە دايـــەو ناوەســـتێت ،
وەپێغەمبەريش( د.خ) دڵنيای كردوين كە ئەم دينە دەگاتە
هەموو شوێنێك و تا دونيا دنيايە هەر دەمێنێ و ئەوەش بە
ڕاســت گــەڕاوەو دوای (1428) ســاڵ و لــە بەرامبــەر ئــەو

هـەموو دوژمنـە بـەهێزو فێڵبازانـەی دا بـە چـاوی خۆمـان دەبیـنین کـە فیکـری ئیسـلامی بـەردەوام لـە زیادبوندایـەو ناوەستێ، هەرچەندە کە ئێستا حوکم ئیسلامی نیە بەلاّم دروشمــەکانی لــە نــاو دڵــی جەماوەردایــە ،لــە بەرئەوەیــە کەناحــەزانی ئــەم دینــە چــاویان پــێ هەڵنایــە و لــە بەرانبەرپەرەسەندنی دابێ دەسەلاّتن، بەتایبەت ڕۆژئاوای ڕەگـەز پەرست ناچارلە ڕێگـەی پیـاوانی ئـاینی تونـدڕەوو ڕۆژهەلاّتناســە داخ لــە دڵــەکان بــە شـێوازی جـۆراو جـۆر دژایـەتی دەکـەن ، کـاتێ ڕۆژهـەلاّتناس لـە سـەر ئـاینێکی دەسـت کـردی وەك (بـوزی و هیندۆسـی ) دەنوسـێ وەکـو خـۆی دەینوسـێ چـونکە جێگـەی مەترسـی نیـە بـۆ ئـەوان ، بەلاّم بۆ ئاینی ئیسلام ڕاستیەکەی نانوسن و چەواشـەکاری تێدادەکـەن ،ئەوانـەی ئێسـتا لـە جیهانـدا دەچەوسێنرێنەوە موسـڵمانانن ! چـونکە ئیسـلام بـە مەترسـی دەزانـن بۆسـەر خۆیان . خۆ ئەگەر بە ڕاستی کار بە دروشمـەکانیان بکـەن لە (ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ ) ئـەوە یەکـەم جار موسـڵمانان قـازانج دەکـەن و سـودی لێـوەردەگرن ، چـونکە گەر ڕاستی وحەقیقەتی ئەم دینە وەك خۆی بناسرێ ئـەوە

زۆربەیان شوێنی دەکەون بۆیە ماوە نادەن و وەك (ڕاوچی خراپ هەر لە ئاوی لێڵ دا ڕاودەکەن ) . ترس لە ئیسلام وای لێکردون کە قسەی وا فڕێ بدەن نەك زانستی نین بەڵکو وەك شەڕە جنێوی دوو منداڵی سەر جادده کە یەکێکیان دیار نەبێ وئەوی تریان هەر جوێن بدا، وەك ڕۆژهەلاتناس (مویر ) دەڵێ: شمشێرو قورئانەکەی محمد دوژمنی سەرەکین و دژی شارستانی و ئازادی و ڕاستین ..! وەهەروەها (فونجر و نیبا وم ) دەڵێن : ئیسلام لەهەموو بیروباوەڕێك زوتر بلاودەبێتەوە هەرچەندە ئەم ئاینە دورە لە ڕەوشت و زانست و زانیاری و نامرۆڤانەیە ..! (الاستشراق والخلفية الفكرية للصارع الحضاري/ د.محمد حمدي / قطر بێگومان ئەوانە دیراسەی ئیسلامیان کردوەو دەزانن کەپێچەوانەی قسەکانیان ڕاستە،بەلام لەبەر ئەم دوو هۆیە ڕاستیەکەی ناڵێن: یەکەم خێرا بلاوبونەوەو پەرەسەندنی ئیسلام ،دووەم ئەوکینەو ڕەگەزپەرستیەی کەلای زۆربەیان دروست بووە وای لێکردون ڕاستیەکان بشێوێنن ،بەداخەوە کەلای خۆشمان متمانە بەنوسینەکانیان دەکرێت . ئێمەی موسڵمان زیاتر لە هەزار ساڵە لە ڕوبەڕوبونەوە و

ململانەیەکی توند داین لە هەموو جیهاندا ،لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی جیهانگیری (عەولەمە )بە هۆی بارودۆخی خراپی وڵاتانی ئیسلامی کە بە پیلانی ناحەزان هاتۆتە ئاراوە ،پاشان پێویستی ئەوروپا بۆ دەستی کرێکار ،دیاردەی ڕۆیشتن بۆ هەندەران بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردئەمەش یارمەتی دەر بوو بۆ زیاتر بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام و مەترسی زیاتری خستە سەر کەنیسە ،خەڵکیش تائاینی عیلم وحەقیقەت هەبێ ناکەوێتە شوێن ئاینی شێوێنراو ،لێرە دا ململانێکە توندتربووە،لەساڵی(1957) ز . (پاپابیوس)ی دوانزە هەستی بەو مەترسیە کردوولە کتێبەکەی دا دەڵێ: پەرەسەندنی ئیسلام لە ئەفریقا مەترسیە بۆ سەر کەنیسە ....، ئەوە بوو ساڵی ڕابردوش قەشەیەکی ئەڵمانی (ڕۆناڵد) لە بەردەم کەنیسەکەی دا خۆی سوتاند لە داخی بڵاوبونەوەی ئیسلام و بێ دەسەڵاتی کەنیسە !دیارە دەسەڵاتی کەنیسە ئەوەیان لێ قبوڵ ناکات کە بە ئازادی بۆ چونی خۆیان دەربڕن و بگەڕێن بەدوای ڕاستی دا ئەینا پاپا لە ڕەحمەتی خوا بێ بەشی دەکات ..! ئەدیب و نوسەری بەناوبانگی ڕوسی

(تولستوی )لەو کەسانەبووکە پاپا بیٚ بەشی کرد لە ڕەحمەتی خوا چونکە لە کتێبەکەی بەناوی (من هو محمد ؟) ڕاستی کەسێتی پێغەمبەری دەرخستووە و دەڵێ : محمد دامەزرێنەرو پێغەمبەرە ، لەوهەڵکەوتوانەیە کە خزمەتی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردووە و ئاشتی و بەختەوەری هێناوە بۆ ئادەمیزاد و پیاوی لەو شێوەیە شایستەی ڕێزو گەورەیی یە .( مجلة عالم المعرفة ، العدد 155 لسنة 991 م / الكويت ) دیارە وتنی حەق ڕەقەو ناحەق قبوڵی نی یە ، ئەم هەموو دژایەتی و چەواشەکاری یە کە دەکریٚ دژی ئەم دینە ، –بەڵگەی بەردەوامی وبلاٚوبونەوەو نویٚ بونەوەی ئەم ئاینە یە ، کە بۆ هەموو ڕۆژگارێک گونجاوە ، بە پێچەوانەی ئاینەکانی تر کە بۆ سەردەمێك بوون و پاشان گۆڕانکاریان تێداکراو بە سەر چوون .

**ڕەت کردنەوەی هەموو پیرۆزی یەکان :**

سیاسەتی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت پەرەی سەند بەرەو دورخستنەوەی د ین لە ژین ، بەوەشەوە نەوەستا تا گەیشتە هێرش و سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکانی ئاین، بۆ بەزاندنی سنورەکانی ڕێز و حورمەت لە ناو کۆمەڵگە داو

گـۆڕینی بـۆ هەڵوێسـتی تاکـە کەسـی و یسـت و ئـارەزوی خەڵکی !ئەوەیش پرۆژەیەکی عەلمانیە بۆ نەهێشتنی هیچ شتێکی پیرۆزو (مقدس) لەو پێناوەدا بە شێوەیەکی نەخشە بـۆ کێشـراو دەسـتیان کـرد بـە ئـەنجام دانـی کارەکـەیان و سـوکایەتی کـردن بەنیشـانەکانی ئـاین لـە پیاوچـاکان و پێغەمبـەران و تانـە دان لـە شـوێن کـەوتوانیان لـە مزگـەوت و قورئـان .تەنانـەت لـەم سـاڵانەی دوایـی دا لـە خۆرئـاوا کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدنیان هەنـدێ فلـیم نیشـان درا کـە سـوکایەتی بـوو بـە حـەزرەتی (موسـی وعیسـی) سـەلامی خوایـان لـە سـەر، بێگومـان ئـەویش پیلانێکـی نەخشـە بـۆ کێشراوە بۆ ناشیرین کردنی هێمای پیرۆزی و ڕەوشت لە جیهانـدا، وە لەگـەڵ ئەوەشـدا هـیچ گرنگـی نـادەن بەلایـەنی دینی و خەڵکی تایبەتی خۆشیان بەکاردێنن کە لە بەرگی دینی داو بەناوی دینەوە بێ دینی بکەن . !

**ئیسلام بەرنامەی ژیانە :**

یەکێك لە هۆکاری دژایەتی خۆرئاوا بۆ پێغەمبەر (د.خ) ئەوەیە کە ئەو محمدە (د.خ) بەرنامەیەکی سیاسی و فیکری و هەمەلایەنەی هێناوە کە ناکۆکە لەگەڵ خاڵە

بنچینەیەکانی ڕۆژئاوا ، بەرنامەیەکی تێرو تەواوی هێناوە کە بەدیلێکی بەهێزە بۆ بەرنامەی ئەوان و جێگەی مەترسی یە . (گولد زیهر) دەڵێ : ئیسلام دین و دنیای پێکەوە گرێ داوە دەیەوێت حوکمی جیهان بکات بەهۆکارەکانی ئەم جیهانە ، لەبەر ئەوە زۆر دژی ئیسلامی ڕەسەن و هەمەلایەنن و بە هەڕەشەی لەقەڵەم دەدەن بۆسەر خۆیان ئەو دینەی کە خۆرئاوادەیەوێ ئەوەیە کە (لە بەینی خۆت و خوادا) لە دڵی خۆتدا موسڵمان بەو نوێژیش بکە بەلاَم داوای حوکمی ئیسلامی نەکەی ! بۆ ئەو مەبەستە ئیسلامیان بەش بەش کردووە(وەك گۆشتی خێرێ ) ئەوەی بە دڵیان نەبوو بەناوی ئیسلامی سیاسی و تێرۆرەوەهێرشی دەکەنەسەر ،ئەو ئیسلامەش کە خوا پێی ڕازیە دینێکی گشتگیرو هەمەلایەنەو بەرنامەی ژیانەو (سیاسەت و ئابووری و سەربازی و کۆمەلاَیەتی و حوکم و دەسەلاَت و دنیاو دواڕۆژە) سیماو هێمای بیروبۆچونی ئیسلامی کەسەر چاوەکەی لە خواوەیە، لە گەڵ بەرنامەی ڕۆژئاوادا کەدەستکردی مرۆڤە لە زۆر ڕووەوە جیاوازن، بۆ نمونە ئیسلام زۆر گرنگی داوە بەلایەنی مرۆڤایەتی و مرۆڤ

دۆستی كەلە برایەتی و یەكسانی دا خۆی دەبینێتەوە ، بەلاّم ڕۆژئاوا ڕەگەز پەرستی زاڵە بەسەری یەوە دەبیّ هەر ئەوان گەورەی عالەم بن، شارستانی یەتی ئیسلامی زۆر گرنگی داوە بە پێكەوە ژیان (ا لجماعة) كە لە هاوكاری و یەكسانی و تەبای دا دەبینرێتەوە ، بەلاّم لە ڕۆژئاوادا هەركەس بۆ خۆی ( خۆ پەرستی و خۆ پەسندی ) بەسەریان دا زاڵە و لە سەر حیسابی یەكتر خۆیان پێدەگەیەنن ، ئیسلام بە دادگەری (عەدالەت ) ناسراوە لە سەرجەم بوارەكاندا تەنانەت لە بەرامبەر دوژمنانیشی دا، بەلاّم شارستانی یەتی ڕۆژئاوا تەنها لە دیدگای بەرژەوەندی یە مادییەكان دا بۆ ژیان دەڕوانیّ. بەكورتی بیرو بۆچونی ئیسلام هاوكاری و یارمەتی دان و پێكەوە ژیانە، بەلاّم بیری ڕۆژئاوا دژایەتی كردنە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستی یە وەك و بەڵگەیەكیش لە ناو خۆیاندا شایەتی دانی ڕۆژهەلاّتناس( برنارد لویس ) كە ڕاوێژ كاری كۆشكی سپی یە دەڵیّ : ئێمە ڕوبەڕوی بزوتنەوەیەكی فیكری دەبینەوە زۆربەی ئەو كێشانە لا دەبات كە دوچاری حكومەتەكان بونەتەوە ، ئەوەش پێك دادانی

شارستانیەتەکان نی یە، بەڵکو کاردانەوەی دوژمنێکی مێژویی کۆنە کەدژی کەلەپوری جولەکەو مەسیحی یەکان لە کۆن داو عەلمانی ئێستامانە کە لە جیهان دا زۆربلاوە[1].

یاســای پیرۆزمان ڕاســـترین ڕێ یە
هەرچی تیایەتی جوان و بەجێ یە
بۆ هـەموو چەرخێ هەر تازەو نوێ یە
مژدەی ڕزگـا ری گـەلانی پـێ یـە

**گۆڕینی تێڕوانینی خۆرئاوا بۆپێغەمبەر( د.خ )**

چـەندین سـاڵە دەربـارەی ئیســلام وپێغەمبـەر دەنوسـرێ و دەبیسرێ بە تایبـەت کـە ئێسـتا لەسـەر هەندێ سایتەکانی ئەنتەرنێت بە ئاشکرا شەڕەجنێوی مندالأنە یە بە جۆرێ کە حـەیای ئـازادی و پێشـکەوتنیان بـردووە ،گـەر وەلأمـیش نەدرێتـەوە دەڵـێن هیچیان پـێ نـی یـە ...، موسـڵمانیش لـە وەبـــەرزترو گـــەورەترە کـــە وەك ئـــەوان بـــە دەمشـــڕی و هەرزەگۆیی بێ شەرمی وەلأم بداتەوە ، جگە لە وەش (هەڵە بـە هەڵـە ) خراپـە بـە خراپـە چارە سـەرناکرێ و خـراپتری دەکات ، بەڵکو وەلأمێکی زانستی و گونجاو شیاو کە لەگەڵ

---

[1](الاسلام هوالعدو الاول للامبراطورية الامريكية/ د. محمد عابد ).

ڕەوشت بەرزی موسڵماندا بگونجێت  ئەوەشمان لە یاد نەچێ  کە موسڵمان دەتوانێ هەموو هۆکارێکی گونجاو بە کاربێنێ و بۆ بەرگری کردن لە ئایین و پێغەمبەرەکەی جا یەکێك لەو هۆکارانە گفتوگۆی بابەتی و زانستیانەیە .
پوختەی ئەم بابەتەمان ئەوەیە : چۆن کارێکی وا بکرێت کە لەم جۆرە سوکایەتی پێکردنانە دوبارە نەبێتەوە یان کەم بکرێتەوە ، پێویستە کار بەم دووئاڕاستەیە بکرێ :
**یەکەم** : هەوڵدان بۆ گۆڕینی تێڕوانینی سلبی ڕۆژئاوا بەرانبەر پێغەمبەری ئیسلام ،بە ناساندنی پێغەمبەرو پەیامەکەی لە ڕێگەی گفتتوگۆی زانستیانە و پاشان پشتگیری کردنی ئەو زاناو دانایانەی  خۆرئاوا کە بەقەناعەتی  خۆیان هاتونە ناو بازنەی ئیسلامەوە کەلە وێ بە بیانوی شەڕی دژە تیرۆر پەراوێز کراون ، ئێمە پێویستیمان بە پشگیری و هەوڵی ئەوان هەیە بۆ خزمەتی پرۆژەی کاری ئیسلامی و بۆ بەرگری کردن لەپێغەمبەری ئیسلام .

**دووەم** : ڕووبە ڕووبونەوەی ئەو کەسانەی کە بە ئاشکرا سوکایەتی و دژایەتی پیغەمبەر دەکەن بۆ

وەستاندنی دەست درێژیەکانیان . سوکایەتیەکان بەردەوام دوبـــارە دەبنـــەوە چـــونکە وەکـــو پێویســـت وەلاٚمیـــان نەدراوەتـــەوە لـــە شـــوێنیٚ خـــۆی ،گـــرنگ ئەوەیـــە کـــە بـــە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکریٚ بە تایبـەت گفتوگـۆی ئاشـتیانەی بـەهێز کـە لـە بیروبـاوەڕی ئیسـلامی دەرنەچـێت ، وەپێـداگری بکـەین لەسـەر خاڵـە هاوبەشەکان لەگەڵ سەرجەم شارستانیەتەکان بە نیەتێکی پاك و سنگێکی فراوان ، هەرچەندە ڕاگەیاندنەکەی پاپاو هەڵوێســتی کەنیســەی ئــەوروپی و پیــاوانی سیاســی خۆرئاوابە گشتی ئەوە دەسەلمێنیٚ کە ئەوان گرنگی نادەن بە گفتوگۆی بابەتیانە بە پێچەوانەی دروشمەکانیان ،بەلاٚم نەسـرەوتن تـا سـەرکەوتن .دیـارە شـایەتی و پیشـتگیری خوای گەورە بەسە بۆ پێغەمبەرێتی محمد (د.خ) {وکفى بالله شهيدا محمد رسول الله}بەلاٚم بۆ دەمکوتی ناحەز و نەیا ران، دان پێدانانی زانایان و دانایانی ئەوانە لە بەرگی خۆیاندا هەنگاوەکان بە گوڕتر دەکات بۆ ئێمە و ئەوانیش ، نوسەری بەناوبانگی بەریتانی (توماس کارلایل ) لە کتێبەکەی دا بەناوی ( (الابطال ) پشتگیری لە پێغەمبەر دەکات و دەڵیٚ :

عەیب وعارەبۆ هەرکەسێکی ئەم ڕۆژگارە بڵێ دینی ئیسلام لارو خوارە محمدیش لە سەر حەق نەبووە ، کاتی ئەوە هاتووە بەگژ ئەو دەنگە نامۆو ناڕە وایانەدا بچینەوە ، ئەو پەیامەی محمد زیاتر لە چواردە سەدەیە بۆتە چرابۆ مەلایین کەس ئایا عەقڵ قبوڵی دەکات کە ئەو هەموو شوێن کەوتوانەی لەسەر ئەم دینە ژیاون و مردوون فێڵیان لێ کرابێ و درۆیان لەگەڵ دا کرابێ ؟ئایا بینیوتانە کەسێکی درۆزن توانیبێتی دینێك دروست بکات و پەیمان بدات کەلە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە و تا کۆتایی هەردەمێنێ ؟!

## *بەشــی چــوارەم*

## پوختەی ئامۆژگاری و داواکاری :

### *مـامــەڵە لە گـەڵ دوژمنان :

موسڵمانان ئەو ڕاستیە دەزانن کە جیاوازی بیرو ڕا سوننەتێکی ژیانە، ململانێ ی پێشکەوتن ژیان دروست دەکات و ڕاستیەکان دەردەخات ،چونکە (تاپیاو خراپ نەبێ چاك دەرناکەوێ ،تاتاریك نەبێ کوا چرات دەوێ)

بەلاّم جیاوازی بیرو بۆچون و ململانێ ی شەریفانە نابێتە پاساو بۆ دروست کردنی هەراو کێشە ، بە ڵکو بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکانە بۆ یەکتر ناسین و تێگەیاندن و پێگەیاندنە ، بەلاّم کاتێ دەگاتە سنوری دەست درێژی و دەست بەسەراگرتنی یەکتر ، ئەوە موسڵمانان بە یارمەتی یەکتر بەرگری لە خاوەن حەق دەکەن و مافی پارێزگاری کردنیان هەیە لە بیرو باوەڕو پیرۆزیەکانی خۆیان و بەرپەرچی دوژمنان دەدەنەوە بە شێوەی گونجاو دروست نەك تەنها ڕێپێوان و ئیدانەکردن ،بۆ یە خوای گەورە ناوی لە ئێمە ناوە ئومەتێکی میان ڕەوو (وسط)، موسڵمانان هەرگیز دەست پێشخەری شەڕوئاژاوە نەبوون کەناچاریش کرابن ئەوەبەرگریان لە خۆیان کردوە بۆ پاراستنی ناسنامەی دین و دنیایان ،کەواتە مامەڵەی موسڵمانان لەگەڵ دوژمنانیان دا لایەنگیری بووە لە ئاشتی و پێکەوە ژیان مێژوو شایەتە بۆ ئەم هەڵوێستە کە: (نەزوڵم دەکات و زوڵمیش قبوڵناکات).

*** ئەوەی پێویستە لەسەر موسڵمانان :**

**بۆ گۆڕینی فیکرەی خۆرئاوا بەرانبەر پێغەمبەر (د.خ) وە بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشی سوکایەت میدیاکانیان پێویستە لە سەر موسڵمانان هەنگاوی بە کردەوە بنێت بەم شێوەیە :**

**1) نـاوبردنی هێرشـی سـوکایەتی کـردن بـە ئیسـلام بـە (توندڕەوی ئایینی ) خۆرئاوا.**

**2)وەلأمدانـەوەی گونجـاوو بـەردەوام لـە ڕاگەیاندنەکانـدا ، نەك تەنها لە بۆنەکاندا .**

**3) دروست کردنی ڕێخراوێکی مەدەنی لە سەرجەم ولأتـانی ئیسلامی و زانایانی ئایینی بۆ ڕێکخستنی دەنگەکان و یەك هەڵوێسـتی بەرانبـەر هێرشـی فیکـری ناحـەزان ، چـونکە پێغەمبـەر (د.خ) تـەنها مـوڵکی عـەرەب نـی یـە ، بـەڵکو پێشەوای هەموو موسڵمانانە ، بەداخەوە ئەوەی ئێستا کە هەیـە بـەناوی کـۆنگرەی ئیسـلامی وەك جامیعـەی عـەرەبی ناوی بیٚ ناوەڕۆکن ...**

**4) یەکخسـتنی هەوڵـە دیبلۆماسـی یـەکانی ولأتـانی ئیسـلامی، بـانگ کـردن و دواجـار دەرکردنـی سـەفیری ئـەو ولأتانـەی کەسوکایەتیان کـردووەو دابڕینـی پەیوەنـد ی لـە**

گەڵیان ، بەڵام دووبارە ئەوەی جێگەی داخە کە هەر بەنا و وڵاتی ئیسلامین ، حوکم و دەسەڵات عەلمانیەو زۆربەی خەڵکە کەشی موسڵمانە !

5) پێك هێنانی چەند لیژنەیەکی فیکری و زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دروست بوونی هێرشی سوکایەتی

6) ئامادەکردنی لیستێکی ڕەش لە ناوی ئەوانەی کە بە ئاشکرا سوکایەتیان کردووە بە ئیسلام و پێشەواکەی وەدابڕینی سەرجەم پەیوەندی یەکان لە گەڵیاندا .

7) پچڕاندنی پەیوەندی ئابوری و سیاسی و ڕۆشنبیری ...لە گەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە بە ئاشکرا دژایەتیمان دەکەن ئەوەش ئەنجام دەدرێ چونکە وڵاتانی ئیسلامی دەوڵەمەندن لە سامانە سروشتی یەکانی وەك نەوت ئەگەر خۆیان خاوەنی بن ، (بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارەکانیش لە بەر کورسی یەکانیان تەسلیمی ئەو وڵاتانە بوون !) ئەمەو چەندین ڕێ وشوێن و هۆکاری تر کە بەیەکڕیزی و تەبایی وڵاتانی موسڵمان ئەنجام دەدرا بەبێ هەڵگیرساندنی شەڕ دەتوانرا مافی خۆمان بپارێزین و ناچار بکرێن کە دەست هەڵگرن لە دژایەتی و سوکایەتی پێکردن ، بەڵام مخابن کە

خەلەل لە خۆمانە ئێستا کارەکە پێچەوانە بۆتەوە و ئەوان دژ بە ئێمە بەکاری یان دێنن و ئەوان ئابلۆقەی ئابوری دەسەپێنن و لیستی ڕەش دیاری دەکەن بۆ هەر وڵاتێك کە بەکەیفی ئەوان نەبێ ..! لێرەدا فەرمودەی پێغەمبەری پێشەوامان لە سەرمان بە ڕاست گەڕاوە کە فەرمویەتی : {هەر گەلێك پشتی لە جیهاد کردو وا زی لێ هێنا ئەوە زەلیل دەبن } .

*** ئەوەی پێویستە لە سەر خۆرئاوا :**

زۆر جار لە ڕۆژئاوا بانگەشەی گفتو گۆو پێکەوە ژیان و چارەسەری ئاشتیانە دەکەن بۆ کێشەکان کە ئەوەیش خواستی ئێمەیە ئەگەر کردەوەی لە گەڵ دابێت نەك تەنها دروشم و ڕاگەیاندن بێت ، لە پێناو چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان وبۆ پێکەوەژیان داواکاری و ئامۆژگاریمان بۆیان بەم شێوەیە یە :

1) دەمانەوێ چاك لە وڕاستی یەبگەن کە موسڵمان بەردەوام پشتگیری لە ئیسلام و پێشەواکەیان دەکەن و سارد نابنەوە لە سەرخستنی دینەکەیان، بۆیە ئەوەی

دروشمیانه له ئازادی و ڕێزی بەرانبەر بابەکردەوە جێ بە جێ ی بکەن.

2) دەمانەوێت بە غەرب بڵێین کە ترسان نەبێت لە ڕابونی ئیسلامی ڕاستەقینە کە سەرچاوەکەی قورئان و سوننەت بێت ، چونکە عەدالەت و یەکسانی و مرۆڤ دۆستی و پێکەوە ژیانە ڕەوشتی جوانە، وەك یەکێك لە زانایان دەڵێ : ( لە قورئان دا سورەتێك نی یە بە ناوی خەدیجەی خێزانی پێغەمبەرو فاتیمەی کچی ، بەڵام سورەتێك هەیە بەناوی مریەم و سورەتی (ال عمران ) نیش کە بنەماڵەی باوکی مەریەمە .

3) ئامۆژگاری یان دەکەین بەوەی کە واز بهێنن لە موسڵمانان بابەئازادی لەوڵاتی خۆیان دا بژین جیاوازی بیرو ڕا ما فی هەموانەو گفتو گۆو یەکتر ناسین کارێکی جوانە، با هەوڵ دەین بۆ لە یەکگەیشتن و چارەسەری ئاشتیانە، مەغروری و بایی بون کاری شەیتانە ، سەرەنجامیش هەڵدێران و ملشکانە .

4) دەمانەوێت لە غەرب کە هاوکاریمان بکات دژایەتی کردنی تیرۆرو تۆقاندن ، پێکەوە کار بکەین بزانین کێن

**ئەوانـەی بـەناوی ئیسـلامەوە تـاوان ئـەنجام دەدەن ، پاشـان ئەوانەش کە لە ژێر دروشمی (دیموکراسی و جیهانگیری و مافی مرۆڤ و فرەیی دا ....) ڕوبـاری خوێنیـان هەڵسـاندووە دەسـت بـە سـەر ئـابوری گـەلان دەگـرن و تاوانکـاری ئـەنجام دەدەن دانیشـتن بـۆ دەرکـەوتنی ڕاسـتی یـەکان نـەك بـۆ خواردن و شێواندنی ڕاستی و پیلان گێڕان .**

**5) دەمانەوێت پێکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی بتوانین میدیاو ڕاگەیاندنەکان بە شێوەی ڕاستگۆیانە کاری خۆیان بکەن لـە گواسـتنەوەی ڕوداوەکـان ، فاکتـەری ئیجـابی بـن هـەوێنی زانسـت و زانیـاری و پـەروەردەو ئاشـتی و برایـەتی ، نـەك بلاۆکردنـەوەی فەسـادو دژایـەتی و سیاسـەتی درۆ ....،یـان ناساندنی موسڵمان بە کۆنە پەرست و سەرچاوەی تیرۆرو تۆقانـدن ....، بەداخـەوە زۆر جـار ڕاسـتی یـەکان پێچـەوانە دەکەنەوە ، گەر شتێ لـە بەرژەوەنـدی یـان بـوو ئـەوە (مێش دەکـەن بـە گـامێش ) وە بـە پێچەوانەشـەوە ....، بـە داخـەوە لای خۆشمـــان زۆربـــەیان ڕۆڵـــی خـــراپ دەبیـــنن لـــە ئاڕاستەکردنی جەماوەر بۆ فیکری خۆرئاواو دورکەوتنـەوە لە داب و نەریتی کوردایەتی و ئیسلامەتی ڕەسـەن ...**

## هــەقی پێغەمبەر ( $\alpha$ ) لەسەر شوێنکەوتوانی

یــەکێك لــە پایــەکانی ئیمــان بڕوابونــە بــە پێغەمبــەران (درودو سەلامی خوایان لەسەر) هەرکامێکیان تەواوترین و شایســتە تــرین خــەڵکی ســەردەم خۆیــەتی و هەمووشــیان هەڵبــژاردەو ســەرتۆپی مرۆڤایــەتین لەوانــەش پێغەمبــەری خۆمـان (د.خ) کەلەلایـەن خـواوە هەڵبـژێردراوە پلـەو پایـەی پێغەمبەرایـەتی پـێ خـەلأت کـراوە ،لـەدەر ئـەنجامی ئـەو بڕوابوونە چەند ئەرك و مافێك لە سەر هەموو ئەندامێکی ئۆممەتی ئەو زاتە بەرزە پێویست دەبێت ،جێ ی خۆیەتی لێرەدا بە کورتی و بە کوردی ئاما ژەیان پێ بکەم لە وانە :

### یەکەم : خۆش ویستنی :

خوای بالأ دەست لەو بارەوە فەرموویەتی : ﴿النبی اولی با لمؤمنین من انفسهم ﴾واتـە: پێغەمبـەر (د.خ) بـە بـڕواداران لـە نەفسی خۆیان لە پێشترە ، وە پێغەمبەریشمان فەرمویەتی : {لایـؤمن احـدکم حتـی أکـون أحـب الیـه مـن والـد ه وولـد ه والناس أجمعین } (متفق علیه )

واتـە: کەسێکتان بـڕوای تـەواو نـاهێنێ تـا منـی لـە لا خۆشەویستر نـەبێ لـە بـاوك و ڕۆڵـەی و تێکـڕای خـەڵکی

!دیاره خۆش ویستنیشی هەروا سادە نی یە و بە قسەی ڕوتی بێ کردەوە نایەتە جێ ، بەڵکو مەرج و نیشانەی زۆری هەیە وەك : شوێن کەوتنی ، زۆر یادکردنی ، ڕێز لێ گرتنی و لەکاتی ناو هێنانی دا سەڵەوات بۆ ناردنی و خۆش ویستنی هەرکەسێك کە ئەو خۆشی ویستوە لە بنەماڵەی و هاوەڵانی ...،

دووەم : شوێن کەوتنی ڕێبازەکەی :

خوای زاناو کاربەجێ فەرموویەتی : ﴿ لقد كان لكم فی رسول الله اسوة حسنة ﴾ واتە : بێگومان لە پێغەمبەری خوادا بۆ ئێوە پێشڕەوایەتی یەکی چاك هەیە ، ئەرکی پێغەمبەران پێشەوایەتی و چاوساغی خەڵکی یە ، کەوابێ لە سەر هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە ئوممەت و شوێن کەوتوی ئەوان دەزانن فەرزە لە سەریان شوێن کەوتەی خەت و ڕێبازەکەیان بن ، بێجگە لەوان هیچ کەسێکی دیکە بەرابەرو چاوساغی خۆی دانەنێ ، پێغەمبەریش (د.خ ) فەرمویەتی: {فعليكم بسنتی وسنة الخلفاء الراشدين المهديين} ....، (رواه ابو داود و الترمذی) واتە : پێویستە لە سەرتان ڕێ و شوێنی من و جێنشینە ڕێنمونی کراوە کانم بگرن ..)

شوێن کەوتن و خۆش ویستی ئەوەیە کە ئیتاعەی بکەی گەر وانەبێ ئەو خۆشەویستیە ڕاست نی یە و ( دەعوای بێ دەلیل ) وەرناگیرێ چونکە ( ان المحب لمن يحب مطيع )، کێشەی سەرەکی ئەم ڕۆژگارەلێرە دایە کە موسڵمانە بەلاّم سوننەتەکان زیندوناکاتەوە ، نوێژدەکات و دەڵێ ئیسلام کۆنە پەرستی یە !یان ڕێبازێکی تری گرتووە و چاك و خراپی تێکەلاّوکردووە و ، داوای ڕزگای دەکات بەلاّم ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازی نەگرتووە ...،

(ترجوا النجاة ولم تسلك مسالكها ...ان السفينة لاتجرى على اليبس )

ئەگەر ڕاستە ڕێزی ئەو زاتە دەگرن ؟

فەرمووون لەسەرڕێبازی ئەو بژین و بمرن

**سێیەم:بوغزاندنی دوژمنانیان خۆشەویستی دۆستانیان:**

یەکێکی تر لەو هەق و مافانەی پێغەمبەر (د.خ) بە سەر ئوممە تەکەیەوەئەوەیە بوغزاندنی دوژمنانی پێغەمبەر و ڕێبازەکەی و شوێن کەوتوانی ، وەخۆش ویستنی هەموو ئەوانەی کە خەتی وان دەگرن و دۆست و پشتیوانیانن (ولاء و براء ) ی خۆی بپارێزێ، خوای کار بەجێ لە وەسفی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەردا فەرموویەتی : ﴿محمدرسول

الله وا لذين معه اشدا ء على الكفار رحماء بينهم ﴾واتە: **محمد (د.خ)** نێـردراوی خوایـە ، ئەوانـەی لەگـەڵی دان لەسـەر کـافران توندوتیـژن و لـە نێـو خۆیانـدا بـە بـەزەیین ، زۆر بەداخـەوە ئێسـتا خەریکـە ئـەو سـیفەتە پێچـەوانە ئەبێتـەوە و لەگـەڵ یەکتر دابەزەیی و میهرەبانیمان کەمەو لەگەڵ ناحەزانیشدا زۆربـەی جـار بـێ دەنگـی و هەنـدێ جـار تەسـلیم بوونـە !سـەبارەت بـە دۆسـتایەتی و پشـتگیری کردنـی یـەکتری و خۆشەویسـتی و یـەکرێزی ، خـوای بـێ وێنـە و تـاك فەرموویەتی :

﴿والمؤمنـون والمومنـا ت بعضهم اوليـاء بعض ...﴾ واتـە: پیـاوانی بـڕوادارو ئافرەتـانی بـڕوادار هەنـدێکیان پشـتیوانی هەنـدێکیانن ، نـەك تەفرەقـەو پەرتـەوازەیی ..!.ئەمـەو چـەندین حـەق ومـافی تریشـمان بەسـەرەوەن کـەلێرەدا هـەر ئەوەندەم بە پێویست زانی وەك بیرخستنەوە ..

**ئازادی لای ئێمــەو ئـەوان :**

ئـازادی کەهـەبوو ,پێویسـتە بـۆ هـەموان بێـت وەك یـەك بیێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگـەز وئا یین و مەزهەب وبۆچونی سـیاسی ...ئەگـەر نەشـبوو پێویسـتە هـەولْ بـدرێ بـۆ بەدەسـتهێنانی ، لـەم ڕۆژگـارەدا سـتەم وچەوسـاندوەو پێشـێلکاری زۆر ئـەنجام دەدرێ لـەژێر نـاوی سـەربەستی وئـازادی دا، دیـارە سـوکایەتی کـردنیش بـە پیرۆزیـەکان هەرلەو چوارچێوەدایە، ئازادی لای ئەوان بەو شێوەیەی کە لایـان نوسـراوە :(بـەئارەزوی خـۆت هەرچـی ئەکـەی بیکـە بەمـەرجێ زیـان بەکـەس ترنەگەیـەنی)[1] ئـەوەتا لەگـەلْ ئەوەشـدا نـەك ڕێـزی بەرانبـەریان نـاگرن بـەڵکو ئـەوەی لەگـەڵیان نـەبێت دژایـەتی دەکـەن دروشـم ویاسـاکانیش بـە گـوێرەی بەرژەوەندیـەکانیان دەسـوڕێنن ..! چـونکە دەسەڵاتدارن کاریان مەیسەرە ،بۆنمونە :

**لە دانیمارك :**

هـەموو جـۆرە هەڕەشـەو سوکایەتی پێکردنێـك بـە هـەر مرۆڤێك بە شێوەیەکی ئاشکرا قەدەغەدەکات بە هـۆی ئاین

---

(1) كتاب الأخلاق (أحمد أمين).

یـــان ڕەگـــەز..،لەگـــەڵ ئەوەشـــدا لـــە (30 \9 \ 2005) ڕۆژنامـەی (بۆلاند بۆستن ) ی دانیمـارکی کاریکـاتێری گاڵتـە ئامێزی لەسەر کەسایەتی پێغەمبەر (د.خ)

بلأوکـردەوە ، کەچـی ئەمـە بـە ئـازادی بیرو ڕا لێکدرایـەوە ، نـەك سـوکایەتی بـۆ ئـەوەی بـەر یاسـاکە نەکـەوێت ، لەگـەڵ ئەو هەموو ناڕەزاییانەی ولأتانی ئیسلامیش ...، هەرچەندە ئـەوەی ئـەم کـارەی کـرد لـەناو سـەیارەکەی دا سـوتا و گـڕی تێبـەر بـوو ، کەجێگـەی پەنـدو عیبرەتـە ، بـەلأم سەرچـاوەی دژایەتیەکە بیرو بۆ چونەکەیانە ، بەم شێوەیە سەربەستی وئازادیەکەیان دەگۆڕن بۆ بەرژەوەندی خۆیان .

**لە بەریتانیا :**

یاسـایەك هەیـە کـە بـەناوی (جنێـو دان بـە پیرۆزیـەکان قەدەغەیە ) ، دوای بلأوبونەوەی کتێبی ( ایات شیطانیة ) ی سـەلمان ڕوشـدی سـاڵی (988) موسـوڵمانانی بـەریتنانیا هەوڵیانـدا لەڕێگـەی ئـەو یاسـایە دا کتێبەکـە قەدەغـە بکـەن بـەلأم سـەرکەوتوو نـەبوون ، چـونکە لـە وەلأمـدا وتیـان ئـەو یاسـایە تـەنها سـزای ئـەو کەسـانە دەدات کـە جنێـو بـە پیرۆزیەکانی مەسیحییەت دەدەن ، بەم شێوەیە سوڕاندیان

و قەدەغەکردنەکە نەیگرتەوە و ڕێگەی دا بە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی چونکە سوکایەتی بوو بە ئیسلام بە ئاشکرا جیاوازی کردنی پێوە دیارە ،بەڵێ لای خۆشمان ئازادی ڕادەربڕین بۆ دژایەتی کردنی یاساکانی ئیسلام بەکاردێنن ، بەڵام زۆر جار ڕێگە نادرێ چالاکیەئاینیەکان بە ئازادی ئەنجام بدرێن و گرفتیان بۆ دروست دەکرێ وئازادی بۆ بێ دینی یە نەك دین! بانێکەو دوو هەوایە . . .

**لە فەرەنسا :**

لە فەرەنسای دایکی ئازادی و دیموکراسی سالی (998) دادگایی کردنی بیریاری موسڵمانی فەرەنسی (ڕۆجیە گارودی ) ئەنجام درا بە هۆی نوسینی کتێبی (الاساطیرالمؤسسه للسیا سة الا سرائیلیة )و حوکمدانی بەبڕی ( 20) هەزار دۆلاری ئەمریکی بەپێی یاسایی ( ڤابیوس جیسۆ ) تەنانەت هەرەشەی کوشتنیشی لێکرا ،تەنها لەبەر ئەوەی هەندێ لە ڕاستی یەکانی ڕون کردۆتەوە کە لە بەرژەوەندی جولەکەو ئەوروپا دا نەبووە ، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە چۆن لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا وەها دادگاییەك ئەنجام دەدرێت و یاسایەکی لەو جۆرە پیادە دەکرێت کە

تەنانەت قسەکردنیش لە بارەی تاوانەکانی هیتلەرەوە دژبە یەهود قەدەغە دەکات ...؟! کەواتە ئازادی ڕەها لە ڕۆژئاوا دا بونی نی یە ، چونکە مرۆڤ لەوانەیە زیندانی یان غەرامە بکرێت لەسەر دەربڕینی ڕایەکی خۆی یان نوسینێك لەگەڵ بیرو باوەڕی ئەواندا جیاواز بێت ، ڕوبەری ئازادیەکەیان سنوردارە.

ئازادی لای ئێمە، واتە : ( هەرچی دەکەی بە ئارەزوی خۆت بیکە بە مەرجێ زیان بە خۆت و کەسانی تریش نەگەیەنی ) زەرەر نەلەخۆت بدەی نە لە خەڵکی ، زەرەدی دینی و دنیا یی ، ئازادی مافی ڕەوای هەمووکەسە بە مەرجێ لە سنوری شەرع دەرنەچێ ، ئەوانەی بە درۆ یان بە نەزانی ئیسلام تۆمەتبار دەکەن کە گوایە ئازادی تێدا نییە و بە زەبری شیرو تیر سەپێنراوە زۆر بەهەڵەدا چوون ، چونکە خوای گەورە بەڕاشکاوی فەرموویەتی : ﴿لااکراه فی الدین ...﴾ واتە : لە وەرگرتنی ئاین دا هیچ زۆرە ملی تێدا نی یە و بەزۆر نابێت ، ئیسلام دەیەوێت هەمووکەس بە ئازادی بژیەت هەروەك چۆن بە ئازادی لە دایك بووە ، یەکێك لە بنەماکانی ئیسلام کارکردنە بە شورا و پرس و

ڕاوێـژکردن  بـۆ دورکەوتنــەوە لــە تــاك ڕەوی ، تاگەیشــتە ئەوەی کە ژنێك ڕەخنە لە ئیمامی عومەر بگرێت و لەسەر مینبەر هەڵەی بۆ ڕاست بکاتەوە پێشەوا عومەریش هیچ بەلایەوە گران نەبوو هاوکات دانیشی نا بە هەڵەی خۆی و ڕاستی قسەی ژنەکەی سەلماند . لەپێناو پاراستنی بیرو ڕاو کەسێتی خودی مرۆڤەکان و بۆ چەسپاندنی یەکسانی و دادگەری  ئیسلام ئازادی سنوردارکردوە چونکە ئازادی ڕەها بـەرەلآیی و پشـێوی لێدەکەوێتـەوە دیـارە ئـازادی و بـەرەلآیی دووشـتی جیـاوازن کـە زۆر جـار تێکـەڵ دەکـرێن ئـەوەی کـە ئامـاژەم پێکـردوە نـاوەرۆکی ئیسـلامە ، بـەلاّم ئیســتا لای کــەس شــاراوە نــی یــە کــە حاڵــەتی ئــازادی گوزارشتکردن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دا بە گشتی خراپـە ، چـونکە حـوکمی ئـەو ولاّتانـە ئیسـلامی نـی یـە ، هەرچـەندە لـە سـەر ئیسـلامیش حیسـاب دەکـرێ  چـونکە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانە لێرە دا خەلەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ حوکمە عەلمانیەکە لەو ولاّتانە ، ڕەخنە گرتنی ئاشکرا لە حوکمەتەکان  قەدەغەیە و ناڕەزای دەربڕینی هێمنانە بە ئاژاوە نانەوە لە قەڵەم دەدرێ  و خۆپیشاندانیش بە گێرە

شێوێنی و گۆڕینی دەسەڵاتیش تاوانە ...!، جێی پرسیارو تێڕامانە کە بارودۆخی نەتەوەی ئیسلامی لە بەر تەسك کردنەوەو فشار خستنە سەر ئازادی بیرو ڕا گوزارشتکردن بەو ڕادەیە بگات ، کە ئەویش بە هۆی دورکەوتنە وەیانە لە یاسا بنەڕەتیەکانی ئیسلام .

# پێڕســـت


| بابـــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ........................... | 1 |
| پێغەمبەر لەفیکری ڕۆژئاواییەکاندا.................... | 3 |
| کەم حاڵی بون و تێنەگەیشتن .......................... | 6 |
| دوژمنێکی زۆردار ................................ | 8 |
| ئیسلام و پێغەمبەرەکەی ............................... | 12 |
| کێن ئەوانەی هێرش دەکەنە سەرحەزرەت............ | 15 |
| لیســــــتی ڕەش ......................................... | 16 |
| هەڵوێستی سیاسی ............................................ | 19 |
| هەڵوێستی ڕاگەیاندن .................................... | 20 |
| هەڵوێستەکان ڕەنگدانەوەی بۆچونەکانە ............... | 21 |
| بێ توانای ڕۆژئاوا لە گەشەسەندنی ئیسلام ............ | 25 |
| ڕەت کردنەوەی هەموو پیرۆزیەکان ..................... | 29 |
| ئیسلام بەرنامەی ژیانە ................................. | 31 |
| گۆڕینی تێڕوانینی خۆرئاوا بۆ پێغەمبەر ............. | 33 |
| پوختەی ئامۆژگاری و داواکاری ........................ | 36 |
| ئەوەی پێویستە لەسەر موسڵمانان .................... | 38 |
| ئەوەی پێویستە لەسەر خۆرئاوا ...................... | 40 |
| هەقی پێغەمبەر لە سەر شوێن کەوتوانی ............ | 43 |
| ئازادی لای ئێمەو ئەوان ................................. | 47 |